

## خالید سلێمان:

# تا ئێستا ڕۆشنبیرانی کورد لەگێڕانەوەیەکی سەلبییەوە لە ئەنفال تێدەگەن و خۆیان بەشێك نین لەتراژیدیاکە!!

سازکردنی دیمانە: کامەران سوبحان

گەرچی ئەو شانۆی بەشێوەیەکی ئەکادیمی خوێندوە و یەکێکیشە لە ڕەخنەگرە جدیەکانی ئەو بوارە وخاوەن قەڵەمێکی دیارە لە ڕەخنەی شانۆییدا، بەتایبەتی لەڕۆژنامە عەرەبیەکاندا و نوسین بە زمانی عەرەبی لەسەر شانۆی کوردی، بەڵام ئەوەی جێگەی بایەخپێدانی ئێمەیە ئیشکردنی خالید سلێمانە لەناو ئەنفال وئیشکردن بۆبەجیهانی کردنی ئەو کارەساتە بەدیدێکی تایبەتی، ئەو لەگفتوگۆ زارەکیەکانیدا ڕەخنەی زۆری لە ڕۆشنبیری کورد گرتو پێی وابو گەر"کەنعان مەکیە" نەبوایە کەم ڕۆشنبیری کورد هەبووقسە لە سەر ئەنفال بکات، دەبێت کورد سوپاسی مەکیە بکات کە

وای کرد ڕۆشنبیرەکانی بەخەبەربێنەوەو لەسەر ئەم کارەساتە بێنە قسەکردن و نوسین، جگەلەمە هونەرمەندی کوردیش بەکەم تەرخەم ناودەبات بۆ کارکردنی هونەرییانە لە ئەنفالدا، ئێستا خالید سلێمان وەك توێژەر لە ڕێکخراوی دەزگای یادەوەری عێراقی لەگەڵ کۆمەڵێك ڕۆشنبیردا لەناویاندا کەنعان مەکیەکاربۆ بەجیهانی کردنی ئەنفال دەکات، ئەمەی دەیخوێننەوە ئەنجامی گفتوگۆیەکی دووقۆڵیە لەسەر ڕایەڵەکانی پەیوەندی نێوان هونەرو یادەوەری وکارەسات...

***تۆ خوێندنی شانۆت بەشێوازێکی ئەکادیمی خوێندوە، بەڵام سەرقاڵی مێژووی ئەنفال و کاری دۆکویمێنتکاری ئەو کارەساتەی، بەریەککەوتنی ئەم دوو کارە لە کوێوە سەرچاوە دەگرێت و چی ئامانجێکی لای تۆ هەیە؟**

—ئەم پرسیارە یەکێکە لەو پرسیارانەی بەردەوام لە خۆمی دەکەم، بەبێ ئەوەی گەیشتبێتمە هیچ وەڵامێك، لەوانەیە بارودۆخێك هەبێت وایان لە من کردبێت واز لە شانۆ بهێنم بەتایبەتی ناجێگیر بوون و وەستان لە ( ناشوێن )دا. لێتی ناشارمەوە کە من وام پێ هاتووە بە هیچ شوێنێك هێور نابمەوە و هیچ شوێنێك بە وڵاتی خۆم نازانم. لەوانەیە ئەمەیان هەستێکی ئەنتۆلۆجی بێت و ئێستا جێگای باس کردنی نەبێت، بەڵام هەمان ئەو هەستە ئەنتۆلۆجییە هۆکاری یەکەمی دوورکەوتنەوەم بوو لە شانۆ.

ئەم هەستەش کە ئەتوانم لە چوارچێوەی کەمایەتی بوونێکی فەردیدا بیخەمە سیاقی بیرکردنەوەوە، لەو کاتەوە لەلام دروست بوو کە ئەنفال وەك کولتورێکی پڕ باڵ و چڕوپڕ کەوتە ناو ژیانمانەوە. ئاسان نەبوو لەماوەیەکی قیاسیدا کەس و کارو یادەوەری و منداڵی و دونیای شتە گەورەو بچووکەکان لەدەست بدەیت و وا هەست بکەیت کە تۆ لەم دوونیایەدا تاك و تەنهایت. من لەگەرمەی خوێندن و سەرقاڵ بوونمدا بە شانۆوە تووشی ئەحساسێکی لەم شێوەیە بووم، هەواڵی ئەنفال هۆڵەکانی پرۆڤەیان پێ بەجێهێشتم و گەڕاندمیانەوە تەنیشت بارەگای (3) ی قیادەی هێزەکانی ئەنفال لە گەرمیان کە ماڵمان لەوێ بوو. هەموو شتەکان بەبەرچاومەوە ڕوویان ئەداو تێئەپەڕین. بە تەراکتۆر و ئیڤای عەسکەری و جۆرەها ماشێنی ترەوە ژن و منداڵ و پیرو پەککەوتەو گەنج بەرەو مردن و نادیاری دەبران.ئێمەش بەتەنها لەمەرگی خۆمان ئەڕوانی. لەو کاتەوە هەستم کرد ئێمە چەند تەنهاین و ژیانمان چەند هەرزانە لەبەرامبەر فیکرەی داماڵینەوە لە ماف.

لەو چرکە مێژووییەوە من وەك کەسێك کە بەشێکم لەکۆمەڵگای ئەنفال کەوتمە ناو دوونیای گێڕانەوەی چیرۆك و ڕووداوی تراژیدی ئامێزەوە لەسەر ئەنفال. بەشێوەیەکی تر ئەنفال بوو بە کۆنتێکسی ( سیاق ) مێژوویی و ژینگەیی لە ئاستەکانی ژیانی ڕۆژانەو بیرکردنەوەدا. ئەمەش ئیرادەیەك بوو بەسەر ئێمەدا سەپێنرا وەك پرۆژەیەکی شیاو بۆ مردن یان وەك بابەتی ( چارەسەرە کۆتاییەکان ) ی بەعس. بەبیرمە ساڵێك دووای ئەنفال کە گەڕابوومەوە بۆ سلێمانی بۆ تەواو کردنی خوێندن لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان دەستم بە نووسینی چیرۆکێکی درێژ کردبوو لەسەر ژنێکی ئەنفال کراو لە ڕێگای تکریت و دەسنووسەکەم بەزۆری لای هاوڕێکانم پیشاندا. بەلایانەوە شتێکی سەیر بوو، ڕای باشیشیان لەسەر چیرۆکەکە هەبوو بەڵام بەشێك نەبوو لەبیرکردنەوەو ئیشکردنیان. ئەتوانم بڵێم ئەوەیان بەشێك بوو لە هەستێکی ئەنتۆلۆجی ( کەمایەتییەکان ) لە سیاقێکی تەسکی ناوخۆیدا و تائەمڕۆش لەسەر ئاستی میللی ئاسەواری دیارە و تەنها لەناو نوخبەی کوردیدا خراوەتە ناو یبرکردنەوەی گشتییەوە.

له چركەی دەرچوونمەوە لە كوردستان هەمان ئەو هەستە زیادی كردو ئەوەندەی خەریك بووم بە تۆماركردنی ڕووداو و چیرۆكە بەجێماوەكانی ئەنفالەوە و ئیش كردن لە سەریان، بەشێكی زۆر كەم نەبێت خەریك نەبووم بە شانۆوە. لەپاڵ ئەم هەستەشدا هۆكارێكی تر هەیە، ئەویش سروشتی شانۆ خۆیەتی كە بەبێ بینەر و ژینگەی خۆی هیچ مانایەكی نییە. لەژیانی تاراوگەشدا یان ئەوەیە ببیتە بەشێك لە شانۆی ئەو شوێنەی تێیدا دەژیت كە ئەمەشیان ئاسان نییە، یان لێی دوور كەوێتەوە. لە سیاقی ئەمەی دوواییشدا شانۆی ئەمڕۆ بووەتە سیناعەتێك و ئەبێت دامەزراوەیەكی گەورە لە پشت هونەرمەندەوە بێت تا بتوانێت سپێكتاكل " عەرز " ێكی باش بەرهەم بێنێت. گروپەكەی دەرهێنەری بەناوبانگی بەریتانی پیتەر بروك بۆ ئەوەی نمایشێك لەسەر كولتوری هیندییەكان یان ئەفریقییەكان یان ئێرانییەكان پێشكەش بكات، بەدەیان و سەدان ڕۆژ دەچوون لە و شوێنانە دەژیان و لە كۆتایدا هەر بەرهەمێكی شانۆیی ئەو گرووپە دەبووە جێی سیجالێكی ڕۆشنبیری و فیكری پێش لایەنە هونەرییەكانی.

***دیارە پەیوەندی كارەسات و هونەر لە مێژوودا پێكەوە پەیوەندییەكی گرێدراوەو جیاكردنەوەیان سانا نییە، زۆرن ئەو فیلمانەی ڕەهەندێكی مێژووییان هەیە و كارەساتێكمان بۆ دەگێڕنەوە. چەندین فیلم و بەرهەمی هونەریی لەسەر جەنگە جیهانییەكان و كارەساتی هۆلۆكۆست و كێشەی " تیبت " لەولاتی چین و جەنگە ناوخۆییەكان بەرهەم هێنراون. تا چەند پێت وایە هونەرمەندی كورد توانیویەتی ئەنفال لە هونەردا بەرجەستە بكات؟**

–هونەرمەندی كورد بەگشتی خەمساردو تەمبەڵە و وەك كەسێكی دوور تەماشای شتە دەكات و تەفاعولێكی ئەوتۆی نیە نە لەگەڵ ئەنفال و نە لەگەڵ ڕووداوەكانی تردا نییە. بۆیە لەژیانی هونەری ئەمڕۆماندا تەنها لە سەر ئاستی هونەری شێوەكاریدا پرۆژەی كارەكان دیارن، بەشێوەیەكی



تایبەتیش پرۆژەکانی ڕێبوار سەعید ئەگینا ئەو دووای ئیشەکان لە چوارچێوەی فیکرەیەك یان وەرزی ئیشکردنێك دەرنەچوون و نەبوونەتە بەشێك لە یادەوەری هونەریمان. لە بوارەکانی موزیکو شانۆو سینەماو ئەندازەکاری و هەڵکۆڵیندا ئیشێکی وامان نییە پەنجەی بۆ ڕاکێشین. کە باسی هۆڵۆکۆست دەکەین تەنانەت ئاماژە بۆ ئەو ئیشە هونەریانە دەکرێت کەوا لەکاتی تراژیدیا مرۆییەکەو لەناو کامپەکانی وەك " ئۆژڤیێتز"دا ڕووی داوەو ڕۆشنبیرێکی گەورەی وەك "تزیفتان تۆدۆرۆڤ" نموونەیەکی زۆر لەو ئیشە هونەریانە لە کتێبی ( ڕووبەڕوو لەگەڵ دەستەبالآیدا ) تیۆریزە دەکات و لەسەریان ئەوەستێ وەك نموونەی گەورەی ئینسانی لە بەرامبەر نائینسانی نازییەکاندا. یەکێك لەو ئیشە هونەریانەی کە تا ئێستا باسی لێوە دەکرێت و کراوە بە فیلمێکی سینەماییش ئەو گرووپە مویزیکییە بوو کە لە لایەن دەستبەسەرەکانەوە لە یەکێك لەکامپەکانی نازیدا دروستکراو، قوربانی و جەللادەکان پێکەوە گوێیان لە مویزیك دەگرت. تۆدۆرۆڤ لەو کتێبەیدا بەشێکی زۆر لەچیرۆکی لەم شێوەیە کۆدەکاتەوەو دەیانخاتە چوارچێوەی تیۆرەکردنەوە لەسەر کولتوری ڕووبەڕوونەوە لەگەڵ بالآدەستیدا.

تا ئێستا ڕۆشنبیرانی کورد لەگێڕانەوەیەکی سەلبییەوە لە ئەنفال تێدەگەن و خۆیان بەشێك نین لەتراژیدیاکە، ناچنە ناو ئۆردووگاکانەوەو بەرهەمەکانیان دوورن لە کۆمەڵگای ئەنفالەوە. ئەمە تەمەڵی و خەمساردی دەگەیەنێ و پشتگوێ خستنی واقیعێکی تاڵ لەبەرامبەر زمانێکی سەلبیدا کە کولتوری شار بەرهەمی دێنێ. لێرەدا جێگای وە بیرهێنانەوەیە کە یەکێك لەو فیلمە دۆکویمانتیانەی وا لەسەر ئەنفال بەرهەم هاتووە ئیشی هونەرمەندێکی کوردی سوریایە بەناوی " مانۆ خەلیل "، بەڕاستیش ئەم کارە لەسەر ئاستی ئەوروپی ڕۆڵێکی باشی هەبوو. دەرهێنەری فیلمەکەش ماوەیەکی زۆری لەسەردانی ئۆردووگاکانی گەرمیان و بادینان دا بەسەر برد تا بتوانێ ئەو کارە بەرهەم بێنێ.

بەکورتییەکەی ئاستی هۆشیاری هونەرمەندی کورد لە بەرامبەر ڕووداوەکەدا ئاستێکی " ئیستیشراقیانە " یەو لەدەرەوەی تراژیدیاکەوە تێی دەڕوانێ و نەبووەتە بەشێکی کارا لێی.

لەوانەیە ئەم بۆچوونە زۆرێك لە نووسەرو هونەرمەندان توڕە بکات، بەڵام خۆ دەبێت ڕاستییەکان بووترێن و چاویان لێ دانەخرێت، کوا ئەو پەیکەرانەی لەسەر ئەنفال کراون یان مویزیك و ئەو کارە شانۆنامانەی بتوانن مێژووی زارەکی سەدان هەزار قوربانی و پاشماوەی مەرگەساتێکی وەك ئەنفال " تخلید " بکەن و لە ڕەهەندێکی زارەکییەوە بیکەنە مێژوویەکی زیندوو. ئەتوانم بڵێم ئەنفال لای زۆرێك لەنووسەرانی کورد بابەتی نووسین بوو زیاتر لەوەی تراژیدیای کۆمەڵێك.

***ئەی کاری شانۆیی، کە تۆ وەك کەسێکی ئەکادیمی لەبواری شانۆدا چیت بۆ ئەمە کردوە بۆ ئەوەی ئەنفال لە ڕێگای شانۆوە تەرح بکەیت؟**

–تاکە کارێکی شانۆیی لەم بوارەدا بەرهەمم هێنابێت نووسین و دەرهێنانی نمایشێکی شانۆیی بوو لە ساڵی 1993 بەناونیشانی (دیمەنێکی تەواو نەبوو ). دووای ئەوە لە دەرەوەی کوردستان ژیاوم و لەبواری شانۆدا کارم نەکردووە، وەك لە پێشدا ئاماژەم پێکرد کۆمەڵێ هۆکار و گرفت هەن پەیوەندییان بە ژیانی کولتوریی تاراوگەوە هەیە کە باس کردن لە شانۆ تێیدا بەشێکە لە وەهم. بەڵام ئەگەر لە چوارچێوەی شانۆیەکی فەرەنسی یان ئینگلیزی دا بێت ئەمەیان شتێکی ترەو تا ئێستاش شتێکی وا لە ئارادا نییە. لە یادی پەنجا ساڵەی دامەزراندنی شانۆی ( کاتر سو ) شدا کە یەکێکە لە شانۆ کۆنەکانی شاری مۆنتریال لە

ولاَتی کێبێك ( کەنەدا ) وەك نووسەرو هونەرمەندێکی کورد بانگهێشت کرام بۆ باس کردن لەو پرسیارانەی لە ژیانی ڕۆژانەدا ڕووبەڕووی نووسەرو هونەرمەند دەبنەوە. لەو هەفتە ڕۆشنبیرییەدا لەنمایشێکی فرە ڕەگەزو فرە زمان و فرە دەنگدا بەسەرپەرشتی ڕۆماننووس و دەرهێنەری کەنەدی ( وەجدی معەوەد) لە ژێر ناونیشانی ( شەوێك لە خەون و هەزار شەو لە ترس ) کارێکی ئەدەبی شانۆییم لەسەر ئەنفال پێشکەش کرد.هەرکاتێك دامەزراوەیەکی کوردی – تەنانەت ئەگەر تیجاریش بێت – پشتگیری پرۆژەیەکی شانۆیی لەسەر ئەنفال کردو ئامادەکاری خۆی بۆ سەفەرێکی مەیدانی بۆ شانۆکاران بەناو ئۆردووگاکانا ڕێکخست ئەو کاتە بیر لە کارێکی شانۆیی لەسەر ئەنفال دەکەمەوە.

***تا چەند ئاگات لەهەوڵی ئەو شانۆکارانە هەیە وا لەیادکردنەوەی ئەنفالدا نمایشێك بۆ ئەنفال دەکەن و پێیان وایە بەتەواوەتی ئەنفالیان بۆ بینەری کورد پێشکەش کردووە؟**

–لەکارەکانی هونەرمەند " سەربەست ئەحمەد " نەبێت کە زیاتر لە ئیحتیفالی میللی و ماتەم نزیك ئەبێتەوە، ئاگاداری ئەو کارانەی تر نیم وناتوانم لەسەریان بدوێم، بەڵام بەردەوام لە ڕێگای میدیاوە هەموو شتێکی تایبەتم لەسەر ئەنفال خوێندوەتەوە، بەبێ ئەوەی هیچ لەو کارانەی وا پێشکەش کراون سەرنجم ڕاکێشێت.

***ئەنفال بۆ خۆی چیرۆکێکی دوورودرێژەو لەسەر زەمینەی واقیع مومارەسە کراوە، بەڵام زۆرێك لەو ئیشانەی لەسەر ئەنفال دەکرێن، یان لێکۆڵینەوەو نوسینانە بەرهەمێکی تیۆری و فیکری ئەنفالن. تا چەند ئەم ستایلە بەسەرکەوتوو دەزانیت، بەتایبەتی تۆ بێئاگا نیت لەچەند هەوڵێکی نێونەتەوەیی بۆ قسەکردن لەسەر کارەساتی بەکۆمەڵ کوشتن و جینۆساید. ئایا ئەم هەولأنە توانیویانە دابەزنە سەر زەمینەی واقیعی ئەنفال؟**

–ئەو کارە فیکری و ئەدەبی و سیاسیانەی لەسەر ئەنفال ئەنجام دراون ئەبنە چەند بەشێکەوە. ئەوانەی لەسەر ئاستی جیهانی کراون بریتین لەهەوڵەکانی ڕێکخراوی " چاودێریکردنی مافی مرۆڤ " ی ئەمریکی و لقی ڕۆژهەلأتی هەمان ئەو ڕێکخراوە کە کتێبی (ژینۆساید لە عێراق و شالأوی ئەنفال بەسەر کورد) بە ئەنجام گەیاند و هەروەها هەوڵەکانی ڕۆژنامەنووسی فەرەنسی " کریس کۆچێرا " و دەیان ڕۆژنامەنووس و توێژەرەوەی عەرەب و ئەمریکی و ئەوروپی کە لەم دووایەدا ( کتێبی ڕەشی سەددام حوسێن) یان بڵاو کردەوەو لە جیهانی دەرەوەدا ڕۆڵێکی باشی هەبوو لەناساندنی ئەنفال. وەك ئاگاداریش بم لە ئاستی هەندێ زانکۆی جیهانی لە ولأتانی لەئەوروپا و ئەمریکا و کەنەدا کار لەسەر ئەم مەسەلەیە دەکرێت. یەکێکیش لەو ڕێکخراوە ناحکومیانەی ڕۆڵیان لە بەجیهانیکردنی ئەنفالدا هەیە " دەزگای یادەوەری عێراق " ە کە کەنعان مەکییە دایمەزراندوەو سەرۆکایەتی دەکات.

لەسەر ئاستی ناوخۆ تا ئێستا کارەکان لەسەر ئاستی تاکەکەسی بەڕێوە دەچن و هەموو ئەو کتێبانەی وا لەسەر ئەم تراژیدیایە بڵاو بوونەتەوە، هەروەها دۆکویمێنتکردنی وێنەو شایەتی ئەو کەسانەی لە مەرگ گەڕانەوە بەهەوڵی چەند ڕۆژنامەنووس و خەمخۆرێك بەئەنجام گەیشتوون و بەڕاستیش ئەو هەولأنە بنەمایەکی زۆرباشن بۆ هەر کارێکی تیۆری و فیکری لە سەر ئەنفال.

لێرەدا جێگای ناوهێنانی ئەو کارانە نابێتەوەو دیارە ئەبێت لەداهاتوودا کتێبخانەیەکی نیشتیمانی بۆ ئەنفال هەبێت بۆ پاراستنی ئەو هەولأنە و کردنیان بە هەنگاوی یەکەم بۆ ئەنجامدانی پرۆژەیەکی گەورەتر لە ئاستی نیشتیمانیدا بۆ گەیشتن بەڕاستیەکان.

من لێرەدا نموونەیەکت بۆ دێنمەوە کە تائێستا ڕۆژنامەنووسان و ڕۆشنبیرانی کورد لێی بێ ئاگان و هیچ لەبارەیەوە نازانن. ئەویش ئەوەیە کە لەبەهارو هاوینی 1988 دەیان و سەدان ژنی کورد لەتۆبزاواو

گۆپتەپە و دووبز و قۆرەتوو و نوگرە سەلمان منداڵیان بوو، ژمارەیەكی كەم لەو ژنانە گەڕانەوەو بەشێكی زۆریان لەگەڵ منداڵەكانیاندا لە گۆڕنران و تەنانەت ناتوانرێت ئاماریش بكرێن. من خۆم یەكێكم لەوانەی ئاگام لێییە كە خێزانی دوو مامم كە ئەنفال كران لە دووبز منداڵیان بوو، هیچ كەسێكیشیان نەگەڕانەوە، هەروەها چەندان ژنی تریش بەهەمان شێوە لەگەڵ كۆرپەكانیاندا لەناوچوون. تا ئێستا چەند ڕۆژنامەنووسێك نەبێت كە بەپەنجەی دەست ئەژمێردرێن، چی كەسێكی تر بەدووای ئەم ڕاستیانەدا گەڕاوەو زانیاری بەخەڵك پێشكەش كردووە. كام ڕۆشنبیر لەسەكۆی ئاغایەتی ڕۆشنبیری هاتووەتە خوارەوە و چووەتە لای ئەو پیرەپەككەوتانەی وا نهێنییەكانی نوگرەسەلمانیان لایە و تەنها چەند ساڵێكی تر نەبێت تەمەن ناكەن و دوونیای دووای ئەنفال بەجێدەهێڵن. پرسیاری زۆر لەم چەشنە هەن و ئەبێ بكرێن و چی تر بێ دەنگی و تیۆری بێ زانیاری و بێ بنچینە دەست نادەن. خۆشاردنەوە لە كۆمەڵگایەكی پڕ لە منالی بێ باوك و دایك، ژنی بێ مێرد، دایك و باوكی بێ منال، بەكورتییەكەی فرێدانی كۆمەڵگایەكی بێوەژن بۆ ناو حەساری میواندارێتی و مامەڵەكردن لەگەڵیدا وەك هیندییە سوورەكان – دوور بە دوور – سووكایەتییە بە ئەنفال و ئەنفال كراوەكان.

***لەو كتێبەتدا كە بەزمانی عەرەبی نوسیوتە زۆر هەوڵی گێڕانەوەی " مێژووی زارەكی " دەدەیت، هۆكاری ئەمە چییە، ئایا بۆ ئەوەیە بەتەنها نووسینەكەت بەدۆكویمێنت دەوڵەمەند بكەیت، یان جۆرێكە لەكاریگەری ئەم ڕێبازە لەگێڕانەوەی مێژوودا؟**

–مێژووی زارەكی بەشێكی گرنگی توێژینەوەیە لەزانستە مرۆییەكانی ئەم سەردەمە و تا ئێستا لەكولتوری ئێمەدا گرنگی پێنەدراوە، بگرە لەلایەن هەندێ ناوەندەوە وەك " عەیبێك " تەماشا كراوەو وەك بەشێك لەدواكەوتویی ڕۆشنبیریمان دانراوە. ئەتوانم بڵێم ئەم بەشەی زانستی مێژوو پەیوەندییەكی ئۆرگانیكی بەژینۆسایدەوە هەیەو لەسەدەی بیستەمدا وەك كایەیەكی گرنگ لەئاشكرا كردنی ڕاستییەكانی شەڕە پاكتاوكەرو ئەتنیكییەكاندا دەركەوت. چوونكە لە ژینۆسایدی دژ بەئەرمەنەكان و هۆلۆكۆست و شەڕە ئەتنی و پاكتاوكارییەكانی گواتیمالا و كەمبۆدیا و ڕواندا و شوێنەكانی تری دوونیادا، جگە لەبەڵگەنامەكانی پزیشكی عەدلی و دەزگاكانی ئەمنی دەوڵەت و تیپەكانی كوشتن، بەڵگەنامە زارەكییەكان لەلایەن ئەو كەسانەی لەمردن ڕزگار بوون ڕۆڵێكی بەرچاوی هەبوو لە پشكنین و بەدوواداچوونی حەقیقەتی ڕووداوەكاندا، هەروەها زۆربەی ئەو شایەتحاڵانەی بەڵگەنامە زارەكییەكانیان لێوەردەگیرێ لەدادگا نێودەوڵەتی و ناوخۆییەكاندا بەشداری لەدەرخستنی زۆرلایەنی پرۆسیسەكانی كوشتنی بەكۆمەڵ و پاكتاوكردنی نەژادی دەكەن.

مێژووی زارەكی لە ڕووی یاساییەوە ئەتوانرێ لەپرۆسیسی " عەدالەی ئینتیقالی " دا دژی تاوانباران بەكار بهێنرێت، هەڵبەتە ئەمەش مەرجی خۆی هەیە و هەر ڕووداوێك لە سیاقی مێژووی زارەكیدا لە چەند ڕوویەك و لەلایەن چەند كەس و سەرچاوەیەكەوە ساغ دەكرێتەوە و بەگوێرەی پسپۆرانی بواری ژینۆساید نابێ ئەم بەشەی زانستی مێژوو لە كاری مێتۆدۆلۆژییەوە دوور بێت.

بەنسبەت ئەو كارانەی من و هەروەها كاری ئەو نووسەر ڕۆژنامەنووسە كوردانەی لەم بوارەدا پێی هەڵساون لەسەرەتادا تەنها خەبات بوو دژی بیر چوونەوە ( بەلای منەوە ). بەڵام لەقۆناغێكی تردا بووە كاری بەقسەهێنانی ئەو قوربانیانەی لە مردن قورتار بوون و هەروەها گێڕانەوەی بەشێكی زۆر لەبەسەرهاتی قوربانییە لەگۆڕ نراوەكانمان پێش بردنیان بۆ كامپەكانی كوشتن. بەنسبەت خۆمەوە بەشێك لەو مێژووە زارەكییەم لە هەردوو ڕۆژنامەی سەفیر و موستەقبەلی لوبنانی دا بڵاو كردەوەو لە دووایشدا لە كتێبێكدا بە

زمانی عەرەبی بڵاوکرایەوە لەلایەن دەزگای سەردەمەوە بەچاپ گەیشت. بەشێکیشیان هەرماون و پرۆژەی کاری ترن.هەڵبەتە دووای خوێندنەوەی ئەو کتێبانەی دەربارەی ژینۆسایدی گەلانی گواتیمالا و کەمبۆدیا و ئەرمەن و ڕواندییەکان و هەروەها هۆلۆکۆستی جولەکەکان نووسراون و ئاشنابوون بەکاری کۆمەڵێ ڕێکخراوی ( ئۆ ئێن ژێ ) لەبواری ژینۆسایدا بیروبۆچوونی نوێ لەئارادان بۆکارکردن لەهەمان کایەیدا کە ناوی لێ دەنرێ مێژووی زارەکی.

هەر لە میانەی وڵام دانەوەی ئەم پرسیارەدا پێم باشە ئاماژە بۆ ئەوە بکەم کە لە ناو ڕۆشنبیرانی کورددا جگە لە کۆمەڵێ کاری دۆکومێنتکردنی فەردی، تەنها لەچوارچێوەی بەلاغەی سیاسی و تیۆریدا باس لەئەنفال دەکرێت و میکانیزمەکان تا بڵێی چەوت و بێ مانان. بۆ نموونە تا ئێستا ئەرشیفێکی نیشتیمانی یان سایتێکی ئەنتەرنێت لەبەردەست توێژەرەوەدا نییە و هەرچی کارە تیۆرییەکانە لەزمانێکی ئەبستراکدا بەرجەستە بن، یان وەك ڕێبوار سیوەیلی دەڵێت هەڵگری زمانی شارن و دوورن لە رەهەندە مێژوویی و کۆمەڵایەتی و پسیکۆلۆژییەکانی ئەنفالەوە.

بەکورتییەکەی مێژووی زارەکی وەك مێتۆدۆلۆژیای کارکردن هیچ کەمتر نییە لە کایەکانی ئەنترۆپۆلۆژیا و ئارکیۆلۆژیا بۆ ئاشکرا کردنی لایەنە شاراوەکانی حەقیقەتی ئەنفال وەك ژینۆساید. ئەگەر ئەمانەی دووای ڕابوردووی ئەنفالکراوەکان لە گۆڕەکاندا دێنێتە دوواندن، ئەوا مێژووی زارەکی دوونیای ڕزگاربووەکان لە هەمان بازنەدا دەدوێنێ و بەشێوەیەکی چالاکتر هەمان ئەو ڕابوردووە و زاکیرەی قوربانییەکان دەخاتەوە کارکردن.

***کەنعان مەکیيە ڕۆشنبیرێکی دیاری عەرەبەو بەقوڵی ئیشی لەسەر ئەنفال کردووە و لەرێگای ڕێکخراوێکی (ئێن جی ئۆ) ەوە هەوڵی زۆری داوە بۆ بەئەرشیفکردنی ئەنفال.تا چەند سەرنجت لەسەر هەوڵەکانی مەکییە هەیە؟**

—ئەتوانم بڵێم ئیشەکانی کەنعان مەکییە لەسەر ئەنفال دەگمەنن و هەر ئەویش بوو بۆ یەکەم جار وەك ڕۆشنبیرێکی عێراقی ئەنفالی بەناوەندە ئەمریکی و ئەورووپییەکان ناساند، تەنانەت بەناوەندە عەرەبییەکانیش. لە زۆر لەو نووسەرو ڕۆژنامەنووسە عەرەبانەی لەسەر ئەنفالیان نووسیوە، لێیانم پرسیوە چۆن ئەنفالیان ناسیوە، ئایا لەکاتی پرۆسەکەدا ئاگایان لێ بووە و ئەگەر بەڵێ بۆ چی بێدەنگ بوون. وەڵامەکان هەموو ئەگەڕێنەوە بۆ ئەوەی کە ناوەندە ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەگەرییەکانی عەرەب (بەیروت بەتایبەتی ) لەدووای دەرچوونی کتێبەکەی کەنعان مەکییە ( توندو تیژی و بێدەنگی ) کە لەژێرناوی " سمیر الخلیل " بڵاوی کردەوە، بە ئەنفالیان زانیوە. لێرەوە ئەتوانین بڵێین کەنعان مەکییە لە پێگەی خۆیەوە وەك نووسەرێك لەلایەکەوەو وەك ئەکادیمییەکی ناو زانکۆ ئەمریکییەکان لەلایەکی ترەوە یەکەم نووسەری عەرەب بوو توانی لە ڕێگای لێکۆڵینەوە لەبەڵگەنامەکانی بەعس خۆیەوە، ژێرخانی هەموو تاوانەکانی سەددام و بەعس بخاتە بەرچاوی دوونیا. دووریش ناڕۆین ئەگەر بڵێین ئەو کتێبەی مەکییە درۆیەکی گەورەشی ئاشکرا کرد کە ناوی " کولتوری عەرەبە". چوونکە ئەو کولتورە بێدەنگییەکی تەواوی لەبەرامبەر تاوانەکانی بەعسدا نواندو لە ئاستێکی فەردی نەبێت زۆربەی ڕۆشنبیرانی عەرەب پاڵپشتی ڕژێمی سەددام بوون. ئەگەریش بکرێت دەتوانین بڵێین زۆرینەیەکی " هایدگریانە " سەنەدی فیکری و کولتوری بەعس و نموونەکانی بوون لە جیهانی عەرەبیدا.دووای ڕووخانی دەسەڵاتی بەعس مەکییە گەورەترین دەزگای پەیوەستی بەتاوانەکی ئەو دەسەڵاتە لە ئەمریکا دامەزراند ئەویش ( دەزگای یادەوەری عێراق ) ە کە لەم دووایەدا "کۆنگرەی سلێمانی بۆ دۆکویمێنتکردن و بەزیندوو هێشتنەوە" لە شاری سلێمانی بەست و کۆمەڵێ پسپۆری جیهانی و عێراقی و کورد بەشداریان تیا کرد. لەبەرامبەر ئەو زۆرینە هایدگەرییەی عەرەبەکان لە پاڵپشتی کردنی ڕژێمە تۆتالیتێر ئاساکاندا، مەکییە دەنگێکی دیار بوو دژی پان—عەرەبیزم و هەوڵەکانیشی بۆ ناساندنی ژینۆساید لە عێراقدا لەو هەڵوێستە ئەخلاقییەوە سەرهەڵدەگرێت.

***لە شوێنێکدا ڕەخنە لە ڕۆشنبیری کورد دەگریت کـە لـە ڕێگـای " کـەنعان مەکییـە "و ئـەنفالیان بیرکەوتوەتـەوە، ئەمانەویت ئەم هەڵوێست و ڕەخنەیەت زیاتر شیکەیتەوە؟**

–ڕەخنـەگرتن لەهەڵوێـستی ڕۆشـنبیری کـورد لـەلای مـن زیـاتر لایـەنێکی ئـەخلاقی هەیـە و وابـزانم ئـەم مەسەلەیە زۆر هەڵدەگرێت و پێویستە لەسەری قسە بکرێت. هـەوڵیش دەدەم لێرەدا بۆچوونەکانم جارێکی تر بخەمە ڕوو، کە زیاتر وەك لە پێشدا ئاماژەم پێکرد لـە خاڵێکدا چڕ دەبێتـەوە ئەویش جیهانبینییـەکی ئۆریانتالیستانەیە " ئیستـشراقی " لـە تەماشـاکردنی ئەنفالـدا. مـن هـیچ ڕێگرێـك نـابینم لـە خوێندنـەوەی نووسینەکانی مەکییەدا و سوود وەرگرتن لێیـان، ئـەو پیـاوەش بـۆ خـۆی جێگـای ڕێزلێنانـەو هـەر لەبـەر ئـەو نووسینانەشی لەسەر ژێرخانی کوشتن لە عێراقدا تووشی سەرئێشەیەکی زۆر بوو لەگـەڵ ناوەنـدە کولتـوری و سیاسیەکانی عەرەبداو بەوەش تاوانبارکرا کە لەبەرژەوەندی دەزگا ئەمنی و جاسووسییەکانی ئەمریکادا کـار دەکـات. بـەڵام گـرفتی بەشـێکی زۆر لـە ڕۆشـنبیرانی ئێمـە ئەوەیـە نـەك لـەڕێگای مەکییـەوە ئـەنفالیان بیرکەوتـەوە بەڵکو لـەڕێگای ئـەوەوە ئـەنفالیان ناسـی و پـێش دەرچـوونی کتێبەکـەی ئـەو هـیچ فیکرەیـەکیان دەربارەی ئەنفال نەبوو. هەرچی ئـەو ڕاپـۆرت و دۆکویمێنتکردنـەی کە چەند ڕۆژنامـەنووس و نووسـەرێکی کورد لەسنوورەکانی گەرمیان و بادینان و هەندێ شوێنی تردا پێی هەڵدەسـتان بەئەرشـیفی نـاو لێـدەنران و هـیچ گرنگییـەك بـەو زانیـاران نـەدەدرا کـە دەربـارەی ئـەنفال کۆدەکرانـەوە. پـێم وایـە نووسـین و بۆچـوونی وا لەسەر ئەنفال هەیە ئەگەر لەسەر هیندییە سوورەکانی ئـەمریکا یـان کۆمەڵکوژییـەکانی کـەمبۆدیاش بوونایـە هەر بەو شێوەیە دەبوون وا هەن.

چـوونکە هـیچ زانیارییـەکیان تیـا نییـە لـە تیـۆرەکردنێکی ئەبـستراکت زیـاتر، هـەمووشمان ئـەوە بـاش دەزانین هـەر تیۆرێـك لـەدوونیادا بـەبێ زانیـاری و سروشـتی ڕووداو و سـەرژمێری و ڕەهەنـدەکانی تـری هـەر فێنۆمێنێك شتێکی بێ مانا و بێ " میسداقیەتە ". بەشێکی تـر لـەو ڕەخنانـەم لەسـەر ئـەوە بـوو تـا ئێـستا ڕۆشنبیری کورد نازانێ فێنۆمێنەکانی بێوەژنی و هەتیوی و هەژاری و خۆکوشتن و ئیفلیج بـوون و سـترێس " واتە التوتر " لـە نـاو کۆمـەڵگای ئەنفالـدا لـە کوێـدان و سرووشـتیان چییە. کـەس لـەخۆی نـاگرێ کۆمـەڵی ئۆردووگاکان بناسێت و لەنزیکەوە ئاگای لەنەهامەتی ئەم کۆمەڵگایە بێت لەڕووی کۆمەڵایەتی و کولتـوری و پسیکۆلۆژییەوە. لێرەدا من پرسیارێك دەکەم و دەڵێم کێ ئاگای لەو گوندانەیە وا چەند پیرو پەککەوتەیـەکی تیـا مـاوەو دووای چـەند سـاڵێکی لەگـەڵ مردنـی خۆیانـدا دوونیایـەك نهێنـی ڕۆژەکـانی گۆپتەپـە و دووبـز و نووگرە سەلمان لەگۆڕ دەنێن، ئایا پێویستمان بە کەنعان مەکییـەکی تـرە تـا ئـەو نهێنیانـەمان بـۆ بپارێزێـت و دووایـش لەسـەریان تیۆریزەکـاری بکـەین؟ کـێ ئـەو مینـاتۆرە چیرۆکانە بـەهادار دەکاتـەوە وا زاکیرەی هـەر گەڕاوەیـەك لـە " نـوگرە " دەتـەنێت. مـن کـاتێ " تزیفتـان تـۆدۆرۆڤ " دەخـوێنمـەوە و میکـانیزمی کـارکردنی لەسەر میناتۆرەچیرۆکەکانی "ئۆشڤێتز" ئەو کاتە هەست بەهەژاری ڕۆشنبیری کورد دەکەم.

کەسـێکی وەك "ئـەدوارد سـەعید " کـە سـەفەری دەکـرد بـۆ فەلەسـتین و ئیسرائیل، چـەندەها ڕاپـۆرت و بۆچوونی لەسەر ژیانی ڕۆژانەی فەلەستینییەکان لە ڕۆژنامەکانی " لوێ مۆندی " ی فەرەنسی و ئەلحـەیاتی عەرەبیدا دەنووسی و ئەمەش میسداقیەتێکی زۆری دەدا بەنووسینەکانی لەناوەندە ئەمریکییەکاندا.

مـن پێموایـە جیهـانی کـورد پێویـستی بەکرانـەوە هەیـە بەسـەر خۆیـداو دامەزرانـدنی گوتـارێکی ئـەوتۆ بتوانێت ببێتە بەشێك لەژیانی خەڵك، مانابەخشین بەفێنۆمێنەکان لە ڕێگای توخم و ڕەگـەکانی خۆیانـەوە و میکانیزمی سەرهەڵدان و یان داسـەپاندن و بـەردەوامی و ڕیالیزەکردنیـان. گوتارێـك توانـای ئـەوەی تیـا بێـت ببێتە ڕێفێرانس بۆ داهاتووی تراژیدیایەکی وەك ئەنفال.